# "ئاوەژوو بوونەوە"

ڕوو بەو کەسانەی دژی حیزبێکی کۆمۆنیست، وەك ئامرازێکی گرینگی

خەباتی چینایەتی سەرجەم کرێکاران و زەحمەتکێشانن.

سەعید ئەمانی

زۆرلەمێژە دەرکەوتوە

زەمزەمەی شوومی پیلانێك

لەئاهەنگی ڕەوتی ئەم قافڵەیە دایە

هەرچەند جووجەڵەی مەبەستیان

بەئاشکرا نەجووقاوە و

هەر لە هێلکەی

" کاسەی ژێر ئەم نیوکاسەیە دایە".

بەبارێك دا

جاڕی "بەرابەری خوازی" ئەدەن

بە زارەکی، کۆمۆنیست و لایەنگری

هەموو خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکارن

کەچی لەناوەرۆکیش دا، سەرسەختانە

لەگەڵ ئامرازی خەباتیان

واتە، حیزبەکەیاندا نەیارن،

ئەم کردارەش میتۆدێکی ناسراوە و

پێناسەکەی

" یەك بان و دووهەوایە".

***

" وەك گوریسی نێو هەنبانە"

ئەم کەسانە

خۆ نادەنە بەر تیشکی ڕاستی و

پێی لێنانێن کەوا

لە ڕوانگەوی ڕابردویانەوە ئاسۆی بینینیان تاریکە.

ڕاشکاوانە پێمان ناڵێن

پەلەقاژە و هەوڵی زۆریان

بۆ دەرباز بوون لەم گێژاوی بیرکردنەوە

دۆزینەوە و گرتنە بەری

کۆنە ڕێیەکی باریکە.

* * *

ئەڵێین ئەگەر

لە ڕەهەندی بۆلێڵی ئەندێشەتانا

ڕێگای ترتان بنیات ناوە

پیرۆزتان بێت

کەس نەبۆتە لەمپەری ڕێ

مافێکی ڕەوای خۆتانە

ڕێبازی نوێ دیاری بکەن و

پشت بکەنە بۆچوونی دوێ.

بێ گرێ و گۆڵ

ڕوو بە ئێمە و (کە بە باشی لێتان حاڵین)

گشت ئەوانەی مەبەستتانە

قسەی دڵتان بدرکێنن

چون بێسودە "ئەزمون کراو ئەزمون کردن"

چێوی ئاوەژوو بوونەوە ش

"وەك هەموو ئەوانی پێشوو"

لەسەری کەس دا مەشکێنن.

سلیمانی کۆتایی 2008